ئەگەر تیرەکەت وەشاند، ولە پێش چاوت نەما؛ پاش ماوەیەکی تر (ڕاوەکەت) دۆزیەوە؛ دەتوانیت بیخۆیت، ئەگەر بۆگەن نەبووبێت

لە ئەبی سەعلەبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر تیرەکەت وەشاند، ولە پێش چاوت نەما؛ پاش ماوەیەکی تر (ڕاوەکەت) دۆزیەوە؛ دەتوانیت بیخۆیت، ئەگەر بۆگەن نەبووبێت».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: ئەگەر ڕاوچی تیرەکەی وەشاند یان هەرشتێکی تر کە حوکمی تیری هەبێت، وتیرەکە ڕاوەکەی پێکا وپاشان ڕاوەکە لە پێش چاوی ڕاوچیەکە نەما، وپاش ماوەیەکی تر دۆزیەوە، وهیچ شوێنەوارێکی کوشتنی لەسەر نەبینی جگە لە شوێنەواری تیرەکەی نەبێت؛ ئەوا دەتوانێت گۆشتەکەی بخوات ئەگەر پیس وبۆگەن نەبوو بێت؛ چونکە ئەگەر بۆگەن بێت لە شتە پیسەکانە وخواردنی حەرامە، وزیان بە تەندروستی مرۆڤ دەگەیەنێت ئەگەر لێی بخوات.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/64652